www.kurdistannet.org
12/05/2002 13:25

# هەژانی عەرد

برایم فەرشی

لە شاری سونقور لە وڵاتی کوردستان عەرد هەژاو بوومە لەرزە عەرزی لە بەر یەک بڵاو کرد, لە هەمان کاتدا ئەسپێک لە وڵاتی ئاڵمان ڕاچەنی و سوارەکەی فڕێ دا. سوار فیروزی فەروخ دوکتورای زەوی ناسی منالی سونقور بوو...

ئەمـە دەسـتپێکی هـیچ ڕۆمانـێکی نووسـراو نیە. هەروەها تێز وبیرکردنەوەی هیچ فەیلەسوفێک نیە بۆ ئێسپات کردنی پێوەندی ڕووداوەکان لە سەر گوی زەوی! ئەمە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە کە لە مروڤێکی ڕاستەقینە ڕووی داوە.

فیروز وەک هەر منالێکی کورد بێ بەش لە سەربەستی لە شارەکەیدا دەستی کرد بە خویندن, لە بەر ئەوەی لە شارەکەی خویدا دەبیرستان نەبووە ڕەوانە تاران دەکرێ و لەوێ درێژە بە خویندن دەدا, تا ئەوەی بۆخویندنی باڵا دەگاتە ئاڵمان. پـاش وەرگرتنی بڕوانامەی زەوی ناسی دەگرێتەوە ئێران. خۆی دەگێڕایەوە کە چۆن ببوە دۆستی نزیکی ئینسانی سادەو سـاکاری ئـیدارەکەی و چۆن لە گەڵ ڕەییس و ڕوئەسا وهاوکارەکانی تێوەدەچوو . ئەوان حەزیان نەدەکرد فیروز ببێتە هاوکاسـەی ئـەم ئینسـانانە. بەڵـام فیروز هەڵوەدای ئاکاری ئینسانی بوو نە ناو و پۆست گیف وئیفادە. هەر ئەم ئاکارە ئینسانیە و تێکەوتن دەگەڵ ئەربابی نەزەر فیروز بەرەو ئاڵمان دەگەڕێنێتەوە.

پـاش وەرگـرتنی باوەڕنامـەی دوکـتورا لە دانشگای کوڵن لە بەشی لێکوڵینەوەی زەوی ناسیدا دەست بەکار دەکا. هەر جـارەو بۆ شوێنێکی ئاڵمانی دەنێرن. پێوەندی نیوان فیروز و زەوی پێوەندێکی هێندە قوڵ بوو کە مروڤی ئاسایی ڕەنگە عاجـز بـێ لـە تێگەیشـتنی . بە تایبەت ئەوینی ئەو بەرانبەر بە خاکەکەی ئەوینێکی یەزدانی بوو لە وجودی مروڤێکدا. بۆئەوەش ئەم وێنەیە دەهێنمەوە:

*نەوروزی ساڵی ١٩٩٤ وفدێکی ئاڵمانی و کورد لە لا یەن*
*ڕێکخراوی قوتابخانەیەک بۆکوردستان و یەکەتی ماموستایانی*
*ئاڵمان لە کوردستان بووین. فیروز هەرکە گەیشتە سنووری*
*ئیبراهیم خەلیل لە ماشێن دابەزی و ڕایکرد, بە ئەسپایی سەری*
*دانەواند و لە سەر خاکی وڵات درێژ بوو دەمی نایە ناو خاکەکەی*
*کوردستانەوە. ئەم کارە تەنیا فیروز کردی پاشان ڕووی کرد*
*ئاڵمانیەکان وکوتی پاش سێزدە ساڵ چاوم بەو خاکە دەکەوێتەوە.*

فـیروز لـە مێشـک و دڵیدا بە خوشەویستی وڵات گەیشتبوو و باوڕی بە خاک و وڵات و میللەتەکەی بوو هەر بۆیە بێ وچـان بۆ ئازادی ڕاستەقینەی وڵات ومیللەتەکەی بێ هەراو هوریا تێدەکۆشا. ڕۆژێک لە خۆپێشاندان ئاڵای کوردستانی هەڵـدەگرت, ڕۆژێـک لـە کوردسـتان قوتابخانـەی دروست دەکرد, ڕۆژێکی تر لە سەر سەکۆی شانۆ هاواری ئینسانی کـوردی وەک شانۆگێر دەدرکاندو ڕۆژی دوایە سەرچۆپی کێشی جێژنەکانی نەورۆز بوو. یان وێژەری یادی ٧٥ ساڵەی لـە دایکبوونی زیرەک , یاخۆ میوانداری دەیان شاعیر و نووسەر وڕووناکبیرو هونەرمەندی گەورەی وەک قادر دیلان. دووا مترلی, ئەندامەتی لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بوو. بەڵام هیچ کام لە مانە دووا کار وئەرکی فیروز نەبوو .

هەرچەند ئەو ڕێکخراوێکی نەبوو بەڵام شەو ڕۆژ راوێژکار و وەرگێڕی سەدان و بگرە هەزاران کورد بوو . ئەو نە تەنیا لە ئاڵمان بەڵکوو لە هەموو شوێنی ئوروپا وەک وەرگێڕێکی پارەوەرنەگر کاری بۆ خەڵک دەکرد.

فیروز پاش گەڕانەوەی لە کوردستان ,ئوروپا بە تایبەت ئاڵمانی لە بەرچاو کەوت, دڵ و ڕەح و ئاواتەکانی لە کوردستان بە جێ مابوون. کاتێک لە گوندی عەنەب سەر بە شاری هەڵەبجە چاوی بە لەشی سووتاوی منداڵانی دە دوازدە ساڵان کەوت بە دڵ و مێشک و هەموو مارفەتی ئینشانی خۆی فرمێسک بە چاوەکانیدا ڕژان و لە حاند ئەو منداڵانەدا چۆکی دادا. فیروز لە باوەشی ئەم لەش سووتاوانەدا هەموو کوردستانی لە باوەش گرتبوو. دیتنی سەدان گوندی خاپوورکراوی باکوری کوردستان و پشکنینی ئینسانی کورد ئەویش هەر بە ماوەی چەند هەزار مەتر لە لایەن ژاندارمی تورکەوە فیروزی هەژاند. سەفەری کوردستان فیروزی تێکدا و دروستی کردەوە. هەربۆیە لە گەڕانەویدا خۆی کۆکردەوە و ساتەکانی ژیانی پڕبایختر گرتە دەستی خۆیەوە.

فیروز دایم دەم بە پێکەنین بوو, بەڵام دەروونی نائارامی پڕی زام و دەرد بوو, زام و دەردێک کە مرۆڤی خۆیی دەبوونە هۆی پێک هاتنی. جگە لە لای جگەرگۆشەکەی « هەژان» و چەند کەسێکی کەم دڵی لای کەس نەدەحەسیاوە. کە تەنیاش دەبوو خۆی دەسپاردە سروشت و خەریکی دارو باخ وزەوییەکەی دەبوو خۆی گوتنەی دایم چای کتریە ڕەشەکەی لە «برول» تازە دەم بوو.
هەروەها سەفر و وڵاتان گەڕان ئارام بەخشی ڕۆح و گیانی بوو بە تایبەت وڵاتی یونانی بە خەڵکەکەیەوە لا شیرین بوو لە بەر ئەوە لە وڵات و میللەتەکەی خۆی دەچوو. دووا سەفەری لە نەوروزی ئەمساڵ ٢٧٠٢ لە گەڵ وەفدێکی کوبایی ئاڵمانی بۆ وڵاتی کوبا بوو , ئەویش بۆ بردنی دەوا ودەرمان. میللەت ووڵاتی کوبا , پاک و خاوێن و سالم بوونی کۆمەڵگاو ڕەفتاری ئینسانی و پلەی بەرزی ئاکاری ژیان, فیروزی گەشاندبۆوە چراێکی تازە لە دڵیدا شۆقی دەدا و هەر بۆیە بە سەعات باسی سەفەرەکەی دەگێڕایەوە و هەستێکی بەرزی بەرانبەر ئینسانی ئەو وڵاتە دەردەبڕی و قێزی لە وڵاتانی غەربی دەهاتەوە بۆ ئەو هەموو ئازارانەی کە بە سەر ئەو میللەتەدا باراندویانە.

فیرۆز ڕاستگۆ بوو هەڵوەدای ئینسان بوو دور لە هەر چەشنە ئایین و ئیدئۆلۆژی و فەلسەفە و چوارچێوەێک. سازی دڵی وسازەکەی دەستی کە لەتەنیایی خۆیدا دەیژاند یەک ئاهەنگیان لیوەدەهات ئاهەنگی سەربەستی ئینسان! هەموو خەونەکانیشی لە کوردستان کۆتایی پێدەهات.

دانشگای کۆڵن کە دەبوو ناوەندی زانست و پلەی بەرزی ئاکاری ئینسانی بایە لەم دووایانەدا بۆ دوکتور فیروزی فەروخ ببو بە مەیدانی کێ بەرکێ لە گەڵ پرۆفیسور وهاوکاری لوت بەرز و نائینسان! بە هەموو شێوەێک ئازاریان ئەدا هەتا لە کار دوور بخرێتەوە و جێگاکەی بدرێ بەکەسێکی ئاڵمانی ئەم ئاکارەش شێوەێکی تازە نیە لە دانشگاکانی ئاڵمان! بەر لەوەی دوا قەراردادی لە گەڵ دانشگا کۆتایی پێ بێ دور لە هەموو قانوونێک ئەو ژوورەی کە ماوی بیست ساڵ کاری تێدا کردبوو گەسکی لێدەدرێ وکۆدەکرێتەوە.

ژیان سەفەرە و
ئینسان موسافیر!
سەفەری بێ ڕێگا

© Kurdistan Net

ژیانی بێ سەفەرە
کە لە وەستاندا
تەواو دەبێ
و
موسافیر بە موسافیر دەگۆڕێتەوە!

فـیروزی فـەروخ موسـافیری ڕێگایێکی دور و درێژ و ئینسانی بوو کە ئێنسانەکان لە نیوەی ڕێدا وەستاندیان! بەڵام ئەو ئەویـنەی کـە دڵی فیروزی گەرم دەکرد ئەو هەست و بیرو هۆشەی کە مێشکی فیروزی سارد دەکردەوە و لە رزگاریدا مانایـان دروسـت دەکرد, خاوەنی مێشک و دڵی گەرمتر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ و ڕێگاکەی کە بەرو وڵاتی سەربەست وئـاوەدان درێژ دەبێتەوە , ڕێڕەو دەنێتەوە. لەو وڵاتەشدا فیروز بۆ ئەبەد جێگای دیبێتەوە! لەش و خۆڵەمێشی لەشیشی تەنیا لە کوردستان دەتوانێ خاک بگرێتەوە!

لە شاری سونقور لە وڵاتی کوردستان عەرد هەژاو بوومە لەرزە عەرزی لە بەر یەک بڵاو کرد, لە هەمان کاتدا ئەسپێک لە وڵاتی ئاڵمان ڕاچەنی و سوارەکەی فڕێ دا. سوار فیروزی فەروخ بوو.........

یەکی مای ٢٠٠٢ کوڵن

© Kurdistan Net